چیرۆکی بینراو

نوسینی: برووس بلۆك

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: بەناز کەمال

خوێندنەوەی: سەلاح جەلال

چیرۆکی بینراو گرنگترین کتێبی تیۆری پراکتیکی جیهانی سینەمایە، وەرگێڕی بەتوانا(بەناز کەمال) پاش وەرگێڕانی کتێبی(بەتیشکۆ تەماشا کردنی سینەما) لەگەڵ خوێندنی ماستەرەکەی لەزمانی ئینگلیزیدا لەزانکۆی (ساوز وێڵس) ئەم کتێبە گەوهەرییەی وەرگێڕایە سەر زمانی کوردی.

چیرۆکی بینراو تیۆرێکی زانستی سینەمایی کەم وێنەیە، بەپێکهاتە هونەریەکانی وێنەی بینراو لەسەر چەمك و بنەمای زانستی. بەرهەمهاتوی زەمەنێکی دور و درێژی وانە گوتنەوەی(برووس بلۆك)ە بەرهەمهێنەری فیلم و نوسەرێکی ئەمریکی ناودارە، سەرەتا وەك بەڕێوەبەری بانگەشەی بازرگانی و فیلمی کارخانەکان و کارتێکەری دەنگی لەهولیوود، کالیفۆرنیا دەست بەکار بووە، ماجستێری لە کۆلیژی هونەری سینەمایی لەزانکۆی کالیفۆرنیا لەلۆس ئەنجلوس بەدەست هێناوە. چەندین کتێبی بەنرخی لەبواری دەرهێنانی فیلم و دراما و هونەردا هەیە.

نوسینی ئەم کتێبەیشی لەزانکۆی سەوزی کالیفۆڕنیا بەبەشداری لەگەڵ هەزاران خوێندکاری پۆلی هات و رۆیشتوی زانکۆکە و سیمینار و ئەکادیمیای فیلم و کۆمپانیای دیزاین و بڵاوکراوە و ستۆدیۆی وێنەی جوڵاو لەهەمو جیهاندا و کارکردن لەگەڵ ئەزمون کار و بواری بڵاوبونەوە و دیکۆمینتەری و ڤیدۆیی و ویسبایت و نمایشە تەلەفیزیۆنییە زیندووەکان و فیلمی کارتۆنی درێژ و دەست بەکاربونی لەهولیوودە.

سەرەتای هولیوود:

لەشەوێکی زۆر ساردی زستانی 1928 لەڕوسیا لەهۆڵی خوێندنی فیلم، ژورێکی زۆر درێژی سارد و سڕ، لەبنمیچەوە بۆ زەوی ئاوێنە و رەنگی پایەکانی سپی، کۆمەڵێك خوێندکار کۆبونەتەوە(ئیزنشتاین، سیڤۆلۆد، یۆدۆڤکین، ئەلیسکاندەر دۆڤینچکۆ) یەکەم کەس بون ئەزمونی خۆیان بۆ دروست کردنی فیلم دامەزراند.

(ئازینشتاین) سەرۆکی بەشی فیلم لە(usc) بووە و دوای مردنی لەساڵی 1950(ڤۆرکاڤێچ)بووە بەسەرۆك و لەساڵی 1955(لیستە نۆڤرۆس) دوای ئەویش (برووس بلۆك) دەبێتە سەرۆك. سینەمایش بەهۆی هولیود و دوایی کالیفۆڕنیا و بۆمبای هیندی و رۆڵی قوتابخانەی تەعبیری ئەڵمانی و قوتابخانەی پێشڕەو و واقیعیەتی شیعری فەڕەنسی و درێژبونەوەی ئەو دوانە بۆ واقیعییەتی فەڕەنسی و قوتابخانەی ئیتاڵی پێشکەوت و لە رەوتی کلاسیکی و تەقلیدییەکان دەرچو.

بەر لەوەی بچینە ناو زریانی چیرۆکی بینراو چۆن و بەچی شێوازێك بیخوێنینەوە؟ ئەم کتێبە تیۆرێکی بنەڕەتییە بۆ شێوازی وێنەی جولاو و سکرین و چوارچێوە و سێ گۆشە و هێڵ و شێوە و تەن و رەنگ..تاد. هەمو شێوازە هونەرییەکانی وێنە گرتن. ئایا دەتواندرێت بەرهەمهێنانی فیلم و درما و کاری شانۆیی بەرهەمهێن بکرێت؟ بەو هەمو ئامرزو ئامێرە پێشکەوتوانەی فیلم و تیۆر و تەکنیك و بونی پارەی خەیاڵی و فەیلەقی هونەرمەندەوە، ئەو خالانە کۆبکرێنەوە و ماڵی هونەر دروست بکرێت؟ هەتا ریشەیەکی تیۆری و شوناسێك بۆ سینەمای کوردی دروست ببێت. هونەر لەخواستراو و بازاڕ و هەرکەس بۆ خۆی بهێنرێتە ناو پرۆژەیەکی زانستی، مێتۆدی ئەم کتێبەیش پێویستی بە پراکتیك هەیە لەناو ستۆدیۆی ئەکتەردا. چۆن وەك تیۆری سینەما بتوانین لەپرۆژەکانماندا کاری پێ بکەین؟ ئەم تیۆرە تایبەت بۆ ئەمریکییەك نەنوسراوە، پەیوەندی بەهەمو کەسێکی بیر کەرەوەوە هەیە، داهێنەرانی سینەما لەهەر جێگایەك بن، بۆ ئینگلیز و فارس و هیندییەك وەك یەکە، سینەما پیشەسازییەکی فرە لایەنە، فیکر و داهێنانە. بۆ هەمو هونەرێکیش بناغە و دامەزراندن هەیە، جیاکردنەوەی هونەری سینەما کورت کراوەی وێنەگرتنی سینەماییە، تەکنیك و هونەری نمایش و گرتە و وێنەگیراوەکان دەگرێتەوە، بۆ دروست کردنی سروشی جولە لەڕێگەی ئامێرە ڤیدۆییەکانەوە. ئایا هەتا چەندە دەتوانرێت گەشە بەئەزمونی سینەما بدرێت؟ چۆن ئەم تیۆرە لەگەڵ چەندین کتێبی تری گرنگی تیۆری بەزمانی کوردی وەك: کتێبی (وێنەی جولاو)ی پرۆڤیسۆر(دڵشاد مستەفا) و (چۆن فیلم بنوسین) و (کارەکتەری سینەمایی) و(سکرینپلەی) سێ کتێبەکەی کاك(دارۆ ئەزیز). چەندین کتێبی تری گرنگ. پراکتیك دەکرێن؟ پرسیارەکەیش لەوەدایە چۆن ئاستێکی بەرهەمهێن و شوناس و ریشاڵێکی تیۆری لەستۆدیۆیەکی هونەریدا بۆ سینەمای کوردی بەرجەستە دەکرێت؟

بەکورتیش تیۆر گەشەسەندنی زانستی و هونەرییە و بایەخی نابێت هەتا کارێکی هونەری باڵای لەسەر نەکرێت لەروی پیشەسازی و فەلسەفی و داهێنەرانەوە تێگەیشتنی تەواو بۆ مرۆڤایەتی دروست نەکات. هونەری تیۆری فیلم تایبەتمەندییەکی ئەکادیمییە ئامانجی دەرخستنی ناوەرۆکی سینەمایە لەو پەیوەندییانەی فیلم بەواقیع و هونەرەکانی تر و بینەرانەوە هەیەتی. لە هونەرەکانی تر جیا دەکرێتەوە.

هونەری وێنەی جولاو لەسینەماو درامای تەلەفیزیۆنی و نمایشی شانۆییدا کاری تاکە کەسی نییە وەك لەژانرەکانی تری ئەدەبدا هەیە، کارکردنی نێوان بنچینە و پراکتیك کارێکی جەدەلی پەرەسەندوی جولاوە و بەهاوکاری گروپێکی زۆر لەهونەرمەندان و لەڕێی ستۆدیۆیەکی هونەرییەوە ژانراکانی ئەو بەرهەمە لەگوتاری هونەریدا بەرهەم دەهێندرێت. سینەمایش بەو هەمو تایبەتمەندێتی و کارتێکەریانەیەوە لەسەر رای گشتی هەیەتی و بەو تیشك خستنەی دەیخاتە سەر وێنەی کۆمەڵگا لەسەر سینەمای رۆژئاواییدا و لەڕوی سیاسی و سینەماییەوە فیلم ناوەندێکی سینەمایی بیستراو و بینراوە و دەکرێت زۆر کارتێکەر بێت بۆ بیری سیاسی بەهێزترین هۆکاری بڵاوبونەوەی جەماوەرییە و کار دەکاتە سەر سیاسییەکان و سیستەمی دەسەڵات و بەها و پەرستگاکان و قوتابخانە سینەماییە گەورەکان بۆ هۆشمەندی وێنەی سینەمایی و رەوتەکانی.

لینین کاتێك فیلمی رەگەزپەرستی (جریڤێس) ی بینی کارتێکەری سینەمای بەگرنگتر دانا لەناو هونەرەکانی تردا لەسەر ئیدای ئایدۆلۆژی لەسەر جەماوەر.

جێگەی داخە پاش دروست بونی دو ئەکادیمیای هونەر لەهەولێر و سلێمانی نەتوانرا ئەم کارە بکرێت و زۆر کەس سودمەندبون و پارەیەکی زۆریان بەناوی فیلم و دراماوە وەرگرت و سەربەخۆییانە کارێك دەکەن هیوای بینەران نییە. بەهۆی تیڤییەکان و کاری لابەلاوە پارەی خەیاڵیان لەبەر دەستدایە و دراما و فیلمێکی پڕ لەکەم و کورتی بەرهەم دەهێنن، دەیەها کەسی نا هونەرمەندیش دەهێنن و رۆڵیان دەدەنی و دەبنە هونەرمەندی کارتۆنی. چۆن لێرەدا پرسیار بکەین؟ لەسەر بەها و توانا و باری کارەکتەر لەزمانی جەستە و راهێنانی جەستەیی و خۆ رۆشنبیرکردن و ئەزمون و داهێنانەوە و پەیوەندی کارەکتەر بەکارە هونەریەکەوە. ئەمە و زۆر هۆکاری تر داهێنەریان بێ بەش کردووە. جێگەی سەرسوڕمانە لەم ساتە وەختەدا بەهۆی گەندەڵییەوە ناتواندرێت ستۆدیۆیەکی پڕۆفیشناڵ دابمەزرێت؟ فیلم و دراما و نمایشی شانۆیی دەچنە ناو تۆڕی تیڤی و ئینتەرنێت و

بڵاودەبنەوە ئێمە و جیهان دەیانبینین، وێنەی شارستانی و بونمانە. ئیدای فیلم بانگەشەی تەکنیکی رۆشنبیرییە بۆ روبوڕوبونەوەی هۆگری مادە هۆشبەرەکان و باری تەندروستی و دیاردەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و گەندەڵی و روداوەکانی ئایندە. نابێت کاری پڕ لەکەم و کورتی بکرێت.

ئامانج لەکتێبی چیرۆکی بینراو

ئامانجی ئەم کتێبە گەڕانە بە دوای بیر و بۆچون، سایکۆلۆژیا و هونەرە بینراوەکان و شانۆ و مێژوی هونەر بۆ هێنانە کایەی بیردۆزی فیلم و بەستنەوەی بە پێکهاتە و چیرۆکەوە بۆ شکاندنی دیواری نێوان بیردۆزە و کار پێکردن. هەتا پێکهاتەی بینراو ئاسانتربن بۆ تێگەیشتن. شۆیەکانی تەلەفیزیۆن و دۆکومینتەری، بڵاوکراوە، یاری کۆمپیوتەری، سایتی ئینتەرنێت، ڤیدیۆی گۆڕان، ئەنیمەیشن، شیکراونەتەوە، بۆ فیلم یان وێنەی دیجیتاڵی گەورە و بچوك دروست بکرێت، پێکهاتەی بینراو لەناو وێنەکەدا چاودێری کراوە وەك چیرۆکەکە گرنگە. چۆن پێکهاتە نەبینراوەکان دابمەزرێت؟ یان نۆتەی میوزیك ژەنێك. دۆزینەوەی پەیوەندی لەنێوان پێکهاتەی چیرۆك و پێکهاتەی نەبینراودا دەدۆزێتەوە. ئەم کتێبە رێ نیشاندەرە بۆ نوسەران و دەرهێنەران و فۆتۆگرافەران و دیزاینەران و بەرهەمهێنەرانی دەرهێنانی هونەری و مۆنتاژ.

چاپتەری یەکەم: داڕشتنی سیفەتەکانی بینراو هەمو شتێك وێنەیە، کتێب گۆڤار، مۆزەخانە، وێنەی وەستاون. وێنەی جوڵاویش لەفیلم و کۆنسرێت و تەلەفیزیۆن و شانۆدا دەبینرێن. یاری ئینتەرنێتیش وێنەی جۆراو جۆریان تێدایە.

هەمو وێنەیەك لەچیرۆکێك و بینراوێك پێکهاتووە و هەندێك جار دەنگیشیان لەگەڵ دایە. وێنەیش سێ بەردی بناغەی هەیە:(چیرۆك، دەنگ، بینراوەکان).

تێگەیشتن و دەست بەسەردا گرتنی پێکهاتە بینراوەکان بەداڕشتنی کارەکتەرەکانەوە پێکهاتەی سەرەکی بینراون:

( مەودا، هێڵ، قەبارە، تۆن، رەنگ، جوڵە، ئاواز). لەوێنەی جوڵاو و وەستاودا دەبینرێن.

مەودا سێ جۆر بۆشایی بینراوی هەیە:(جەستە، بۆشایی، ناوسکرێن، قەبارەکەی هێڵ و قەبارە و تۆن و رەنگ و جوڵە.

میوزیکیش ئارەزو هەست دروست دەکات. دەنگ نیشانەی تۆقێنەر بەبینەر دەدات، بۆ ترساندن و تۆقاندن و شڵەژاندن.

چەند زاراوەیەکی گرنگیش بەکورتی شیکاری کراوە:

1- سکرێن: دو دوری ئاسۆیی و ستونی هەیە، تەماشای وێنە دەکەین تیایدا.

2- جیهانی راستی ناو سکرێن: ئەو سێ دورییەیە تیایدا نیشتەجێ بوین.

3- بەردەم سکرێن: (ئێف جی) بۆ مەودای بەردەم سکرێنەکەیە، (ئێم جی) بۆ ئەو شتانەی بەکاردێن و دوریان لەسکرێنەوە مامناوەندە (بی جی) ئەو شتانەی بەکار دەهێنرێن لەباگراوندان و زۆرترین دوریان لەکامێراکەوە هەیە.

پەنجەرەی وێنە هێڵەکان ئەو چوار چێوەیەیە لەسکریندا دەوری هەمو بینراوێك دەدات. زنجیرەی بەیەك گەیشتنی بینراوەکان بەیەك شت دەست پێدەکات و دەگۆڕدرێت بۆ شتی تر. ئەم کتێبە پلان دانەرە بۆ وێنەگرتنی فیلم.

چاپتەری دووەم: دژیەك و لەیەکچو. پێکهاتەی بینراو لەسەر بنەماکانی دژیەك و لەیەکچو دروست بووە.

دژیەك پێکهاتەیەکی بینراوی چڕییەتی داینامیکە. لەیەکچو پێکهاتەیەکی بینراوی لاوازە، دژیەك و لەیەکچو کلیلی پێکهاتەی بینراوەکانن لەیاساکانی دژیەك، لەیەکچوندا و کارکردنە لەسەر تۆنی (خۆڵەمێشی و رەش و سپی). دەتواندرێت هەمو کارێکی باشیان لەسەر دروست بکرێت، بەکەم کردن و زیاد کردن، تەختەی چیرۆك کۆمەڵێك وێنەیە بۆ پیشاندانی شێوە فیلم. جیاکردنەوەی رەنگەکان دەبنە نیشانەی قوڵی بەسەر رەنگی گەرمدا(سور و پرتەقاڵی و زەرد) و رەنگی سارد(شین و سەوز).

هەمو پێکهاتەیەکی بینراو(مەودا،هێڵ، قەبارە، تۆن، ڕەنگ، جوڵە و ئاواز) دەتوانرێت دژیەك و لەیەکچونی تێدا بەکار بهێنرێت. ڕۆیشتنی گالیسکەیەکی ئاسنی ناو چەرخ و فەلەك وێنەیەکی چڕە و نوستنی توتەڵە سەگێك وێنەیەکی چڕ نییە و بەپێی ستۆریبۆردی فیلمەوە کار لەسەر چڕی دەکرێت.

تیشکۆیش مانای روناکی شتەکانە لەچوار چێوەکەدا لەوێنەی رون و لێڵیدا وێنەی سریدییەکان واتای سێ ڕەهەندی چیرۆك گێڕانەوە، ئەو وێنەیەی بەهۆی دو وێنەی سکرینەوە دروست دەکرێت. سێ جوڵەی کامێرا ( پان، لارکردنەوە، زوم) روی تەخت دروست دەکەن.

چاپتەری سێیەم: (مەودا)پێکهاتەی بینراوی ئالۆزە، کاتێك پێناسە دەکرێت پێکهاتە بینراوەکان لەسکرێنەکەدا دەبینرێت و مەودایش لەکۆمەڵێك پێکهاتەی تر دروست بووە. ژیانی ڕاستەقینە سێ دوری هەیە، بەرزی و پانی و قوڵی. سکرین تەنها دو مەودای هەیە، فیلم و تیڤی و سکرێنی کۆمپیوتەر مەودایەکی تەختیان هەیە بەرزی و پانیان پێ دەپێورێت. شێوەی سکرینی دو دوری و کارکردنی بۆ سێ دوری و هۆلۆگرام شیدەکاتەوە. لەمەودای قوڵ و بەڵگەی قوڵی و بینین و وێنەی دو دیگادا چەند نمونەیەکی لاکێشەیی خاڵی ون بون لەیەکەوە هەتا پێویستی خاڵی بەیەك گەیشتن بۆ دروست کردنی قوڵی.

لەبەشی یەکەمدا، لەگرنگترین پێکهاتە ناسەرەکییەکاندا، چوار نیمچە پێکهاتەی مەودایە( مەودای قوڵ و تەخت وکراوە و داخراو) گرنگترین جیاکردنەوەیش جیاوازی قەبارەیە بەنیشانەی(ئێف جی) لەبەردەم کامێرادا و نیشانەی (بی جی) لەباگراوند و نیشانەی (ئێم جی) لەناوەنددا.

لەبەشی دووەمدا: چوارچێوەکە شێوێنە لاوەکیەکانە و سود بەخشن بۆ شوێن. وەك رو یان لەشێوەی ڕێژەییدا، شێوەی رو تەختێك لەدروست بونی بۆشایی لەدەرەوەی سکرێن یاساکانی جیاوازی و لەیەکچون بەبۆشاییەوە دەبەسترێنەوە، شیکردنەوەیشی زۆر قوڵ دەبێتەوە لەشێوەی ڕێڕەوی پەیوەندی نێوان پانی و بەرزی و شێوەی ڕێژەی چوار چێوەی فیلم، قەبارەی چوار چێوەکەیە و شێوەی ڕێژەی دیجیتاڵی پرۆفیشناڵەکان لەسینەمادا بەکار دەهێنرێت. شێوەی ڕێژەی سکرین قەبارەی وێنە و سکرینەکە دەست نیشان دەکات.

شێوەی هێڵی چوار چێوە و سێ گۆشە و لاکێشە و دابەشـکردنی رو تـەخت. بۆشـایی کـراوە و داخـراو باسـکردنە لەهێڵی چوارچێوەکە دەوری زۆربەی وێنەکانیان داوە، سکرێنە گەورەکان تایبـەت زەبەلاحـەکانی ئایمـاکس یـاخود سینەمای ئاسایی دەتوانن بۆشایی کراوە دروست بکەن. جوڵەی بەهێزی وێنەیش وەك چەکێك دژی بۆشایی داخـراو بەکار دەهێنرێن، ئەگەر لەناو چوار چێوەکەدا بێت، هێڵە وەستاوەکانیش لـەناو چـوار چـێوەکەدا لابـبرێن. هـەتا هێڵی وەستاو لەگرتەیەکدا زۆر ببێت بۆشایی داخراو زیاتر داخراوتر دەبێت.

دیمەنی جیاواز و شوێنی بینراوەکان زیاتر پەیوەستن بەبنەمای لەیەکچون و دژ بەیەکەوە. دەکرێت لەناو گرتەیەکەوە بۆ یەکێکی تر بونی هەبێت، نمونەی چەند فیلمێك دەهێنێتەوە و بەچەند بەشێکی گرنگیش شیکاریان دەکات:

نیشاندانی بۆشایی قـوڵ و بۆشـایی تـەخت و دابەشـکردن و رو تـەخت و بۆشـایی سـنوردار و بۆشـایی نادیـار و دابەشکردن و رو تەختە.

چاپتەری چوارەم: هێڵ و شێوە. هێڵ لەهەمو شوێنێکدا هەیە، دەرچەی دەرگا شێوەی لاتەریبی هەیە، تـۆپی بالـە شێوەی بازنەیی هەیە، جیاوازی تۆن و رەنگ لەدەرکەوتنی هێڵەوەیە. رەنگە هێڵ دەربکـەوێت یـان بشـاردرێتەوە، لکاندنی خاڵەکانی ناو چوار گۆشەیەکە لەروانینی بینەرەوە. بەرهەمەکە پێویستی بەروخساری تاریك بو دیمەنەکان تاریك دەکرێن و رەنگاو رەنگ تیایدا دەردەهێنرێت.

لێوار هێڵێکە بەدوری شـتێکی دو دوریـدا بێـت. داخسـتنیش لەخـەیاڵی بینەرەوەیـە. لەیـەکتربڕینی وێنـەکان و یەکگرتن و بڕینی دو وێنەدا وا دەردەکەوێت هێڵێك دروست بووە. لاسایی کردنەوەیش بـەهۆی دوورییـەوە دروسـت دەبێت . تەوەریش زۆربەی شتەکان تەوەری نەبینراویان هەیە بەدەوریاندا دەجوڵێنـەوە. رێـڕەو و رێچـکە شـتێکی جولاّوە نمونەی رێڕەوی راستی وێنەی فڕۆکەیەکی دوکەڵدارە دوای خۆی هێڵێك بەجێ دەهێڵێت. رێـڕەوی نادیـاریش هێڵێکی بینراوە خۆمان دروستی دەکەین.

بیرۆکەی هێڵی هەر وێنەیەك بچوك بکرێتەوە بۆ چەند هێڵێکی سادە لەکۆمەڵێك بازنە رێـك سـتونی ئاسـۆیی لار پێك دێت.

جیاوازی لەیەکچون بەسێ ڕێگە هێڵ لەناویدا بەکار هێنراوە: (ئاڕاستە کردن و ڕێنمـایی و جۆرایـەتی). کارکردنـە لەسەر هێڵی لار و ئاسۆیی و ستونی لەشێوەی گۆیی و شەش پاڵو هەرەمی سێ دوری لولەك و قۆچـەك و شـێوە و لەبۆشایی هێڵ و شێوە سەرەکییەکانی بازنە و چوار گۆشە و سێ گۆشە و گۆشە و وەستاودا هەیە. بـەدو دوری بـۆ بەبۆشایی قوڵ دادەنرێت. جیاوازی و لەیەکچون لەناو شێوە دو دورییەکاندا بازنە و سێگۆشـە زۆرتـرین جیاوازیـان هەیە لەبەکار هێنانی شێوەی سێ دوری شـێوە گـۆیی و هـەرەمی و سـێ لا زۆرتـرین جیاوازیـان هەیـە، ئەگـەر پێکەوەبن. شێوەی سێ دوری دروست دەکەن.

1 - دەست بەسەردا گرتنی شـێوە و هێـڵ لـەکاتی بەرهەمهێنانـدا، چـاو داخسـتن و هەڵسـەنگاندنی رونـاکی و جوڵاندنی نەخشە بۆ کێشراو و ستۆری بۆردێکی بیرۆکـەی هێڵـی. 2- هەڵسـەنگاندنی شـێوەیش: أ ئەکتـەر. ب. دیمەنی جل و بەرگ. ج. دەست بەسەردا گرتنی روناکی.3 - ئاسان کردنەوە.

بۆ شێوەکانی هێڵی لار و شێوەکان و بۆشایی و چەند فیلمێکی ناوازەی بەنمونە هێناوەتەوە.

چاپتەری پێنج: تۆن. تۆن مەبەستی رادەی روناکی شتەکانە بەپێوانەی خۆڵەمێشی دەپێورێت . چـەند ریگایـەکیان هەیە، وەك دەست بەسەردا گرتنی پێوانەی خۆڵەمێشی و زاڵبون بەسەر شەوقدانەوەیاندا یان دروست کردنی سێبەر و دەست بەسەردا گرتنی رووداوەکان و پیشاندان و دەست بەسەردا گرتنی تۆن لە بەرهەمهێناندا. بۆ تـۆنی جیـاواز بەرهەمەکە روخساری تاریکی ویست دیمەنەکان تاریك بکرێت و رەنگـا و رەنـگ دەربهێنـدرێت. باشـترین نمونـەی دەست بەسەردا گرتنی روناکی لەفیلمە تاریکەکاندا دەبینرێن، وەك فیلمەکەی(رۆمان لانسـکی و سـتێڤن فرێـرز). جۆری پیشاندانیش لەسەر هاوێنەی کامێراکە بخرێتە سەر ستۆپ هەمو وێنەکە یان تاریك دەبێـت یـان روناك.ئـەم گرتەیە بۆ دەرخستن و شاردنەوەی بکەری دیار و نادیار دەبێت. بۆ هەریەك لەم شێوازانەیش چەند فیلمێکی بەنمونە هێناوەتەوە.

چاپتەری شەشەم: رەنـگ. تێگەیشـتنمان بـۆ رەنـگ چـۆنییەتی کارکردنیـان شـتێکی کـار پێنـەکراوە. رونـاکی ئۆتۆمۆبێلێکی سپی لەبەر خۆردا رابگرین رەنگـی سـپییە، هـەمان ئۆتۆمۆبێـل لەشـوێنێکی تاریکـدا رابیگـرین رەنگی دەگۆڕدرێت بەمەیلەو سور. لەم چاپتەردا شیکارییەکی ورد لەچەند بەشێکدا دەکات:

لەپەیڕەوی ڕەنگەکاندا بەسیستەمی چاك کردن و تێکەڵ کردندا ڕەنگی زیـاد کـراو پەیوەسـتە بـە تێکـەڵ کردنـی روناکی ڕەنگ دارەوە، ڕەنگی سێیەم دروست دەبێت و بەچـەرخی ڕەنگـەکان لەپـەیڕەوی زیـاد کـراودا ڕەنگـەکان گۆڕانیان دیاری دەکرێت، ڕەنگی کەمکراوی ڕەنگەکان بە تێکەڵ کردنی بۆیە و بۆیاخ و ڕەنـگ بـەکار دەهێنـرێن. لەچەرخی ڕەنگەکاندا لەپەیڕەوی زیاد کراو یان کەم کراودا پێکهاتە سەرەکییەکان ڕەنگ و جـۆری ڕەنـگ و ڕادەی روناکی و ڕادەی تێـری و ڕادەی بریسـکەداری یـان رونـاکی دژی ڕادەی تێـری وجـۆری ڕەنـگ و ڕەنگـە جیـاوازە تەواوکەرەکان و کەرت کردن بۆ سێ ڕەنگ و بۆ چوار بەش و پاڵێتی ڕەنگ و فلتەرەکان و فلتەری رونـاکی کـات و شوێن و وێنەی فیلم و وێنەگرتنی دیجیتاڵی و تاقیگای پەرەپێدان و کات دانـان بـۆ وێنـە کیمیاوییـەکان و وێنـەی دیجیتاڵی. شێواز و گۆڕانکاری ڕەنگەکان بەشیچوەیەکی زانستی شیدەکاتەوە.

چاپتەری حەوتەم: باس کردنێکی زۆر قوڵە لەسەر جوڵە، زۆربەی فیلمە دیکۆمینتەرییە مێژووییـەکان و زۆر فیلمـی تر جوڵەیان تیادا نییە، لەوانەیش فیلمەکەی(کریبس مارکەر) لالیتێ. لەگەڵ ئەوەیشدا جوڵە هەیـە، لەفۆتۆگرافـە وەستاوەکانیشدا زۆر جۆری جیاواز دروست دەکـرێن. زنجیرەیـەك تـیری نێـۆنی نـەجوڵاو لەسـەر جـادە دەبینـرێن، دەتوانێت. لەبازنەی لاکێشە و چوار گۆشەدا بازنەی ڕەش و سەوز بەنمونە لەجیهانی سکرێندا وێنەی جوڵاو دروست دەبێت شتێك بجوڵێت جیاکاری و گۆڕانکارییەکانی جوڵاو و بینراو بـەهۆی ڕێـڕەوی (ئێـف جـی) و (بـی جـی)ەوە دروست دەبن. لەچەند بەشێکی گرنگدا شـیکاری جوڵـە دەکـات: جوڵـەی تیرێـك بنوێنێـت. ڕاسـتەقینەی دیـار، هاندراو، پەیوەندیدار، جوڵەی سادە و ئاڵۆز و درێژی سکرینەکە دیاری دەکات و نمونەی زۆری هێناوەتـەوە لەسـەر هێڵی ڕاست و لار و کەوانەیی و ئاسۆیی و یەکتر بڕ بەبەراورد لەگەڵ جوڵەی کامێرادا. جوڵانـدن و بـێ جوڵـەیی و لاربونەوە لەزوم و هاوسەنگی و ناهاوسەنگی و پێوانەی جوڵە و خێرایی فرەیمێك یان چوار چـێوەیەك لەبیرەکەیـدا و بەردەوامی جوڵە و بەردەوامی لەگرتەیەکەوە بۆ گرتەیەکی تر. و دەست بەسەردا گـرتنی جوڵـە لەبەرهەمهێنانـدا، ئاماژەیش بەکۆمەڵێك فیلمی گرنگ دەکات بۆ بەراورد کاری لەنێوان گۆڕانی جوڵەکاندا.

چاپتەری هەشتەم: ڕێتم.

ڕێتم هەست پێکردنی ئاسانە و پێ ناسەکردنی زۆر قورسە، بەسـێ شـێوە هەسـتی پێـدەکرێت: (بیـنین و بیسـتن و هەست) ڕێتمی میترۆنۆم کاتێك دروست دەبێت دەنگێك لەدوای بێدەنگییەك دەبیسترێت، دەنگ لێـدانێك دروسـت

دەكات وەك ریتم دەیناسین. واتای نۆرەكارییە لەنیوان دەنگ و بیدەنگیدا. هەمو ریتمیك سێ پێكهاتەی هەیە: (نۆرەكاری، دوبارەبونەوە، خیرایی ئاوازی مۆسیقا). ریتمی شتە جولاوەكان شیكردنەوەی گرتەكان دەكات لەسەر چوارگۆشە و لاكیشە. هیلەكان دیاری دەكات و بەجیاوازی شیكردنەوەیان بۆ دەكات. ریتمە سەرەكیەكانیش بەچوار ریگە دروست دەكرین:

1- چونەناوەوە و چونەدەرەوەی چوار چێوە. 2- جولاندن لەبەردەم یان پشتی شتێكی ترەوە.3 - جولاندن و وەستاندن. 4- گۆڕینی ئاڕاستە.

لەچەند بەشێكی گرنگ وەك: جەخت كردنەوەی بینراو و دەست بەسەردا گرتنی روداوە مۆنتاژ كراوەكان و دەست بەسەردا گرتنی مۆنتاژ و ریتم و جۆرا و جۆری بینراو. دۆزینەوەی ریتمێك، هەلبژاردنی مۆنتاژ و شێوازەكانی ریتم و جیاوازی لەیەكچون و خاو- خێرا و رێك و نارێك و دەست بەسەردا گرتنی ریتمێك لەكاتی بەرهەمهێناندا و نمونەی كۆمەلێ فیلم دەهێنێتەوە بۆ تەماشا كردن و بەراورد.

چاپتەری نۆیەم: چیرۆك و پێكهاتەی بینراو و چەمكە سەرەكییەكانی پێكهاتەی چیرۆك: ( پیشاندان، ناكۆكی، چارەسەر) چیرۆكی بازرگانی و یاری ڤیدیۆیی و دیكۆمێنتەری و پرۆگرامی تەلەفیزیۆنی و سكرین و پلەی و فیلمێكی درێژ پێویستە لەو سێ چەمكە بێ بەش نەبن، نمونەی فیلمی هیچكۆك باشترین نمونەی پێكهاتەی چیرۆكە و چەند فیلمێكی تر.

پێكهاتەی بینراو ئەم زاراوەیە بۆ وەسف كردنی سێ بەشی سەرەكی چیرۆكەكەیە، پیشاندانی بینراو وترۆپك و كۆتایی بینراو شیدەكاتەوە، گرافی ئەم پێكهاتەیەیش چڕی چیرۆك پیشان دەدات، دواتر گۆڕاوی یەكەم و نەگۆڕ. بنەماكانی بینراوێك بەدرێژایی بەرهەمهێنانەكە ناگۆڕدرین و گۆڕدراوی دووەم و گەشەسەندنی لەبری نەگۆڕ وردە وردە دەگۆڕدرێت. گۆڕانی سێیەم جیاوازی لەیەك چون دروست بونی بۆشاییەك تایبەتمەندە بەتەریبی چڕی چیرۆكەكە چەند نمونەیەكی بۆ كێشانی گرافی دەهێنێتەوە.

چاپتەری دەیەم: کارپێکردن نەکو تیۆر، بیرکردنەوە لە پێکهاتەی بینراو و بەکارهێنانی گراف و پێکهاتەکانی چیرۆك و بینراو بەیەکەوە دەردەخەن، بۆ دروست کردنی باشترین پێکهاتەی بینراو خاڵی تێڕوانینە، واتە گۆشەی کامێرا بەنیشاندانی هەست و سۆز بۆ بکەرەکە یان چیرۆکەکە.

نوسەر لێکۆڵەرێك دروست بکات، زیرەکە، رەشبینە، هەڵەکەرە، ناتەواوە، خاڵی بەهێزی تێڕوانینی زیاد لەبڵاوکراوەکانی تەلەفیزیۆن و یارییە ڤیدۆییەکان و فیلمە دیکۆمێنتارییەکانیش.

کاتێك خاڵی تێڕوانین دامەزرێندرا وێنە دروست کەرەکە خۆی بنەماکانی هەڵدەبژێرێت. هەڵبژاردەی: بەسروشتی، هەڕەمەکی، بەلێکۆڵینەوە، شیکاری، دەست بەسەردا گرتنی بنەماکانی بینراو، چیرۆکەکە چییە؟ خاڵی تێڕوانینی چییە؟ شوێنی چرۆکەکە کوێیە؟ .

بۆ دروست کردنی پێکهاتەیەکی بینراوی باش ئەم خاڵانە گرنگن پەیڕەو بکرێن:

1 - چیرۆك. 2- خاڵی تێڕوانین. 3- شوێنی چیرۆکەکە و بۆشایی هێڵ و شێوە، رەنگ، جوڵە، رێتم. بەنمونەیش چەند چیرۆکێك بۆ پرۆڤەکاری پیشان دەدات.

زۆر لەپێکهاتە بینراوەکان پشتیان بەجۆری بەرهەمەکە بەستووە، لەوانەیش بڵاوکراوەی بازرگانی، کاری دیکۆمێنتەری، یاریە ڤیدۆییەکان، تەلەفیزیۆنی وێنە، فیلمی ئەنیمەیشین .

پاشکۆ: بەشی ئەی: وێنەگرتنی خاڵی نۆداڵ، واتە خاڵی گرێی ناوەندی بینینی هاوێنەکان راستەوخۆ لەسەر تەوەرەکەبێت جوڵەی پەیوەستە لەنێوان (ئێف جی) بۆ (بی جی).

بەشی بی: قوڵی ناوچەکە: کاریگەری هاوێنەکان لەسەر بۆشایی: گۆشەی پان قوڵییەکی باش لەناوچەکەدا دروست دەکات، هاوێنەکان هەمان قوڵیان هەیە، بەبێ جولاندنی کامێراکە گۆشەی هاوێنەکە دەگۆڕین بۆ 18 ملم کامێراکە نزیك بکرێتەوە هەمان وێنە دەست دەکەوێت بەهاوێنەی تێلە فۆتۆی 100 ملم.

بەشی سی: هاوێنەی ئانەمۆرفیك (بینایی شێواو)و فیلمی 70 ملم.

هاوێنه ستاندارەکان هاوێنەی گۆیی یان هاوێنەی تەخت پیشاندان و بۆ گـرتنی فیلمـی (1.85، 1.66، 1.33) بەکار دەهێندرێن هاوێنەی گۆیی وێنەیەك نیشان دەدات نەشێوێندراوە. هۆلیۆد ساڵی 1950 سیستەمێکی گرتـە بەر بۆ شێواندنی وێنەکە بەسینەما سکۆب ناسراوە. بەپێی بازنەکانی ناو لاکێشـەکان ئـەو گـۆڕان کارییانـە شـی دەکاتــەوە، لەبازنەکانــدا نمونــەی گرتــەکان دیــاری دەکــات لەشــێوازێکەوە بــۆ شــێوازێکی تــر، بــەپێی بەشــە ئاڵتونییەکەیش ئەو دابەش بوونەی رو تەختەیە بەشێوە کلاسیکییەکەی لەهونەرە جوانەکاندا بەکار هێنراوە. چەند چوار چێوەیەکی بەنمونە هێناوەتەوە.

بەشی ئی: رەنگ و رێژەی کلێڤن: سەرچاوەی جیاوازی و روناکی رەنگی جیاواز دروست دەکات. زۆربەی سەرچاوەی رەنگی سپی یان بێرەنگی دەبینرێن (ولیـام کـێلڤن) لەسـاڵی 1800 پـەرەی پێـدا و لەسەرچـاوەی جیاوازییـەوە دەردەچێت. هەتا ژمارەی کلێڤن کەم بێت رەنگەکە سورتر دەبێت، ئەم پێوانەیە بەپلە دەست نیشان کراوە.

روناکی و فۆتۆگرافی، روناکی مۆم و خۆر جیاوازی رەنگیشیان جیاوازە و پێویستی بەرێکخستن هەیە، رەنگـی نـاو فیلم و پلەی گەرمی و رەنگی فیلمەکە لەناو کامێراکەدا هاوسەنگە لەگەڵ پلەی گـەرمی و رەنگـی روناکییەکـەدا بەپێی هێڵکارییەکانی ناو کتێبەکە ئاسایی دەردەچێت. سکرێنی تەلەفیزیۆنی و کۆمپیوتەر سیستەمی زیـاد کـەر بەکار ناهێنن، بەهۆی تێکەڵ کردنی بیناییەوە دروست دەبن و جیاوازیشن.

بەشی جی: ئاوازی دەرهێنەرانەیە. وشەی ئاواز لەشانۆدا گەشەی کردووە، رێتم ناگرێتەوە، دابەش کردنی دیمەنێکـە بۆ چەند ئاوازێکی داهێنەرانە، ئاوازەکان بەپێی # 1 بۆ # 5 جیا دەکاتەوە، هەمو دیمەنێك دەتوانـدرێت بکرێـت بەپێنج ئاوازەوە و بەچەند رێگایەك ئاوازی داهێنەرانە پێناسە دەکرێت:

1 - نواندن. 2 - نواندن لەسەر شانۆ. 3 - کامێرا. 4 - کامێرا مۆنتاژکردن 5- پێکهاتەی بینراو.

بەشی ئێچ: گونجاندنی رێژەی دیمەنە و نیشـاندانی فیلمێکـی درێـژە لەسـەر تەلەفیزیۆنـە بەرێـژەی 1.85 لەسـەر سکرێنی تەلەفیزیۆنێکی(ئێن تی ئێس سی)ی 1.33 جێگەی نابێتەوە. دو رێگا هەیە بۆ چارەسەر کردنی بەلیتـە بۆکس گۆڕینی فیلم لەسکرێنێکی پانەوە بۆ سکرینێکی سـتاندار و فیلمێکـی سـینەمایی سـتاندار بەسـکرێنێکی تەواوی تەلەفیزیۆنی 1.33 ببینرێت لەجیاتی لیتە بۆکس. دایاگرافیکی بۆ نەخشە کێشان سێ جۆر دروست بـونی

وێنەی فیلم دەست نیشان دەکات، بەرێژەی بینراوەکانی ئینتەرنێت، هەرچەندە زۆربەی کۆمپیوتەرەکانی 1.33:1 هیچ یاسا و ستانداریکیان نییە بۆ رێژەی بینراوی پرۆگرامە ئۆرجینالەکە لەرێژەی بینراوی ئینترنێتەوە دەتوانن هەمو شێوە و دابەش بونێك بەخۆیەوە ببینێت و کێشەی تەکنیکی نییە جگە لە رێژەی قەبارەی سکرێنی کۆمپیوتەرەکە.

ئەم کتێبە بەکۆتایی نەهاتن کۆتایی دێت، کراوەیە بۆ هەمو زەمەنەکانی مێژو، لەگەڵ گۆڕان کاری زەمەنیدا خستنە سەری بۆ دەکرێت و بناغە و تیۆری پراکتیکی سینەمایی دارشتووە بۆ هەتا هەتایە دەمێنێتەوە.

سەرچاوە: چیرۆکی بینراو. نوسینی برووس بلۆك. 2022. چاپخانەی سەردەم. سلێمانی. دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم. وەرگێرانی لەئینگلیزییەوە. بەناز کەمال.

لە گۆڤاری دیوان ژمارە(28) لە 2023/10/1 دا بلاوبۆتەوە.